ڕۆڵی مەسیحییەکان لەسیاسەتی عێراقی هاوچەرخدا...

نووسینی/ سەباح شامایا

بەشێک لەمەسیحییەکانی عێراق ڕۆلیان هەبووە لەسیاسەتدا لەژیانی عێراقی هاوچەرخ، کەسایەتی ناوداری مەسیحی داودیوسفاتی ڕۆڵی هەبووە لەسەرەتاییەکانی سەردەمی پاشایەتی، بەتایبەتی لەکاتی نوێنەرایەتی بوونی سەردەمی عوسمانیەکاندا گەشت وسەردانی بەردەوامی هەبووە لەپێناوچەسپاندنی ئەمن و ئاسایش، هەروەها (نقولاعبدالنور) ڕۆلێکی کاریگەری هەبووە لەبزووتنەوەی عەرەبی وباوەربوونی بەنەتەوەی عەرەب. هەندێکیان بوون بەنوێنەری خەڵک وەک (ڕۆوف اللوس)، ژمارەیەک لەم کەسایەتیانە بەشداریان کردووە لەوەزارەتەکانی عێراق، بەشێکیان شوێنی پەنجەیان دیارە لەدامەزراندنی پارتەسیاسییەکان لەعیراقدا بەتایبەتی لەدامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، بۆنموونە یوسف سلمان (فهد) دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراق بووە، مەسیحییەکی کەلدانی بوو، ناودارترینوناسراوترینشیوعییەکانی عێراق: جمیل توما ونوری روفائیل وکریکور ئاکۆب بدروسیان، هەرسێ ئەم کەسایەتیانە دەرچووانی زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت بوون، بێجگەلەم کەسایەتییانە یوسف ئەلسائغ وداود ئەلسائغ وئاراخاجادور وکامیل قەزانجی وئیبراهیم قستو (ئەفسەر) و خەڵک وەک (ڕۆوف اللوس)، ژمارەیەک لەم کەسایەتیانە بەشداریان کردووە لەوەزارەتەکانی عێراق، بەشێکیان شوێنی پەنجەیان دیارە لەدامەزراندنی پارتەسیاسییەکان لەعیراقدا بەتایبەتی لەدامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق، بۆنموونە یوسف سلمان (فهد) دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراق بووە، مەسیحییەکی کەلدانی بوو، ناودارترینوناسراوترینشیوعییەکانی عێراق: جمیل توما ونوری روفائیل وکریکور ئاکۆب بدروسیان، هەرسێ ئەم کەسایەتیانە دەرچووانی زانکۆی ئەمریکی لەبەیروت بوون، بێجگەلەم کەسایەتییانە یوسف ئەلسائغ وداود ئەلسائغ وئاراخاجادور وکامیل قەزانجی وئیبراهیم قستو (ئەفسەر) و عبدوالئەحد المالح وجۆرج تەلۆ.

لەبزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردستان بەتایبەتی لەشۆرشی ئەیلوولی مەزن ژمارەیەک لەمەسیحییەکانی کوردستان بەشداریان لەکاری سیاسی کردووە بەتایبەتی لەهێزی سیاسی وپێشمەرگایەتی ناودارترینیان، یوسف حنا (ئەبوحکمت)، توما توماس هورمز مەڵەک جەکو، فەرەنسۆ هەریری سلیمان بوکا، نجیب حنا (ابو جنان) لازار میخوو کەسایەتی تر لە تیکۆشەرانی مەسیحی بەجیاوازی بیرو بۆ چوونیان وپێکهاتەی نەتەوەییان.

ئەوەی لەراستیدایە مەسیحییەکان ڕەزامەندیان هەبووە لە پەیرەوکردنی سەرجەم یاسایەکانی وڵات بە جیاوازی سەردەمەکان، خزمەتی سەبازی جێبەجێیان کردووە، بەڵام لەم سالانەی دواییدا ڕۆلی سیاسییان بەڕەوڵاوازی شکستی هێناوە، زیاتر هەستیان بەترس وتوندوێژی لەسەر وەزعیان کراوە لەدەسەلاتدارانی سیاسی وئەمنی. ئەوەی لێیان بینراوەو دەرکەوتووە زۆرجار هەڵوێستیان ئیجابی بووە ولاگیری دەسەلاتدارانیان کردووە تاکو متمانەیان پێبکەن وخۆیان دوورخەن لەترس وتوقاندن بەتایبەتی پاش ئەو گۆڕانکارییانەی دوای شۆرشی ١٤ ی گەلاوێژ ڕوویاندا سالی ١٩٥٨ وڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی.

لەوسەردەمە بۆزانین سەدان لەمەسیحییەکان چوونەریزی (المقاومه الشعبیه) ڕۆلی سەرەکییان هەبووە لەگۆڕەپانی سیاسی عێراق. پاش سالی ١٩٦٣، دووبارە تووندوێژی سەرتانسەری عێراق وکوردستانی گرتەوە، بەدەیان وسەدان لەلاینگرانی حزبی شیوعی لەسێدارەدران، مەسیحییەکان بێبەش نەبوون، پاش سالی ١٩٦٨ سەدان لەمەسیحییەکانی عیراق چوونەناوریزی حزبی بەعسی لەسەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر وسەدام هۆیەکانیش ڕوون وئاشکران، زۆر سەیروسەمەربوو لەوسەردەمە کەسایەتیکی مەسیحی دیار کەوت ئەمیش تاریق عەزیز بوو، لەدیمانەکانیدا لێدوانەکانی زل وگەورەبوون هەستی بەمەسیحییەکانی نەدەکرد خزمەتکاری سیاسەتی گەورەکەی (سەدام) بوو، بەبێ ئەوەی گوێرایەڵی داواکارییەکانی مەسیحییەکان هەبێت کەڕۆژانە بەرە وهاندەران کوچڕەوییان دەکرد.

پێویستە ئاماژە بەراستییەکان بکەین ئەو مەسیحییانەی کاریان لەناوریزی حزبی شیوعی دەکرد زیاتر قەناعەت ومتمانەیان بەبیرو بۆ چوونی حزبەکەلەرووی هەست کردن بە نیشتمانپەروەری دەکرد بەپێچەوانەی گشت مەسیحییەکانی ناوریزی حزب بەعسی، زۆر دوربوون لەسیاسەت وبیروبۆ چوونی حزب ومتمانەیان زۆرلاوازبوو.

پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعسی وئەوگۆڕانکارییانەی لەم دواییدا ڕوویدا بەتایبەتی پاش سالی ٢٠٠٣ باری مەسیحییەکان بەرە وخەراپی هەنگاوینا، بەشی هەرەزۆری مەسیحییەکان بەرەو هەرێمی کوردستان ڕوویانکر ونیشتەجێبوون، ژمارەیەک لەپارت وگروپی سیاسی نەتەوەیی هەمەجۆر دامەزرا، ئەم پارتەسیاسییانە پەرت وبڵاوبوونەوە لەجیاتی یەکگرتنەوە ئەمەش لە هەڵبژاردنەکانی نوێنەرایەتی مەسیحییەکان بەدیارکەوت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ بەرلەمانی عێراق وکوردستان هەرچەندە بەکۆتابووە

هەبوونی ناوچەیەکی ئارام وەک هەرێمی کوردستان وسیاسەتی ئەرێنی دەسەلاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وهاوکاری کردنی مەسیحییەکان بەیەک چاو لەگەڵ پێکهاتەکانی تری کوردستان وبەتایبەتی مەسیحییەکانی دەرەوەی هەرێم ونیشتەجێ کردنیان لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان هوکارێکی ئیجابی بوو بۆمانەوەی ژمارەی ئێستای مەسیحییەکان، بەپێچەوانەوە وەزعیان زۆر نالەبار دەبوو چارەنووسیان بەرەونەمان دەچوو.

یوسف سەلمان- فەهد

فەرەنسۆ هەریری

تۆما تۆماس


عەبدولئەحەد مالح

سەرچاوە/
سوود/ لەئەنتەرنێت وەرگیراوە
لەنووسینی/ سیار الجمیل

ڕوونکردنەوەیەک. لەسەر ڕوونکردنەوە

ڕوونکردنەوەیەک لەبەڕێز مامۆستا وشاعیر ونووسەر شاکر عودیش پولس ئاراستەی ڕۆژنامەکەمان کردووە بەناونیشانی سوپاس وگلەیی، لەسەرتا سوپاسمان دەکات بەگەلەکەمان ناساندووە بەلام لەهەمان کات گلەیی لەنووسەر دەکات وبەتوندی بەمەزەندەی بەڕێزی داوام کردووە مەبلەغێک پارەوەک هاوکارییەک پێی بدرێت نەک لەدژە مەبلەغێک پارەیە بەڵکو قبوڵی دیاری یان بەخشینی نییە لەهەرلایەک ئایینی یان لایەنی سیاسی بێت بێجگە لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان کەپەیوەندیەکی بەتینی هەیە لەڕێگای یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەپەروەردەی هەولیر.

ڕوونکرونەوەکەی بەڕێزی سەیروسەرسوورمانە من باسی تەندروسینم کردووە نالەبارە داوای چارەسەر کردنم کردووە لەدەرەی وڵات نووسینەکەم ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدارم کردووە ئاوڕێک بدەنە بەڕێزی، ئەمیش حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستیە وەمنیش وەک نووسەری بابەتەکە ئەندامم لەیەکێتی مامۆستایان کوردستان لقی هەولێر، باشە برای بەڕێزم من داوای پارەم لەکەس نەکردووە لایەنی پەیوەندیدار لایەنی حکوومین بەدەیان وسەدان کەسیان نارد‌ووە بۆچارەسەر کردن لەدەرەوەی وڵات بەڕێزت وەکو ئەوان شایستەی چارەسەر کردنت هەیە، هەرچەند خاوەن خانوو ورەزووباخ وئۆتومبیلی زۆر لەنەخۆشیەکان پێویستیان بەچارەسەرکردن هەیە لەدەرەوەی وڵات، لەکۆتاییدا داواکارم لەیەزدان تەندروستیت بەرەوباشی بڕوات وتەمەن درێژی بۆ بەڕێزت دەخوازین .

سەباح یوسف جەجو
نووسەری ڕوونکردنەوەکە

ایضاح

الى جريدة بيث عنكاوا الغراء
محرر الصفحة الكوردية المحترم..
شكر وعتاب..

اطلعت في العدد (٤٦) من جريدتكم على مقال في الصفحة الكوردية بعنوان "شاعر من شعبنا"، اشكر كاتب المقال ومحرر الصفحة على تعريفي بأبناء شعبي كوني شاعراً وكاتباً ومؤلفاً، ولكني انتقده وبشدة على الفقرة الأخيرة التي يطلب فيها مساعدتي، علماً انني لست محتاجاً وانما كان هذا من اجتهاد المحرر، لأنني لم اطلب منه كتابة هذه الفقرة عند لقائه بي، واعتذر عن استلام أي مبلغ أو مكافأة أو هدية وإن تكن رمزية من أحد، أو من اية جماعة أو فئة أو جهة سياسية أو دينية، عدا "حكومة أقليم كوردستان" التي تربطني بها علاقة وثيقة بواسطة اتحاد معلمي كوردستان وتربية محافظة أربيل، حيث كنت معلماً لمدة ٤٣ سنة في المدن والقرى النائية، وتخرج على يدي اطباء مختصون لهم عيادات ومستشفيات في أربيل، ومهندسون بارعون يعملون في إنشاء البنية التحتية لاقليم كوردستان وخدمة الشعب والوطن في ظروف قاسية ومؤلمة.. واعتذر عن قبول الهدايا للأسباب الآتية:

١. انا متقاعد ولي راتب تقاعدي محترم.
٢. لي بيت سكن في عنكاوا، ودار مؤثثة للإيجار في شقلاوا.
٣. اراضٍ وبساتين وكروم في شقلاوا.
٤. اولادي (بنون وبنات) موظفون ويستلمون رواتب جيدة.
٥. لي اولاد خارج الوطن ويرسلون لي مبالغ جيدة.
٦. لي سيارة جديدة موديل ٢٠٠٧ "نيسان".

واشكر الجميع..
الشاعر والكاتب باللغة الكوردية
شاكر عوديش بولص خوشناو
عضو جمعية الثقافة الكوردية
في شقلاوا

گرنگی نوستن بۆ مرۆڤ

ئا/ نۆڤان سەباح

هەموو مرۆڤێک چەند ڕەفتارو سیفەتی هەیە کەلەگەڵ کەسانی ترجیاوازە، سیفەتی باش وخەراپ، مرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی لێیان ڕزگاربێت، لەم ڕەفتارو سیفەتانە، ئایا مرۆڤ زوو دەچێت بۆ نووستن یان درەنگ، پێش دەنگی کەڵەشێر هەڵدەستێت یان پاش گەرانەوەی خەڵک لە ئیشوکار!؟ ئایا پرسیارت لێکرایە کەی دەچی بۆ نووستن، زۆر کەس بیروڕایان وایە ئەم پرسیارە پێویستە لێی نەکرێ، وادەرکەوتووە ٣٤٪ ی خەڵکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو ٣٢٪ ی خەڵکی وڵاتانی ئەوروپا پاش نیوە شەو دەخەون.

نووستن زۆر گرنگە لەژیانی مرۆڤ، گرنگیەکەی لەژیانی منالییەوە دەستپێدەکات، بۆیە خێزان هەردەم لەهەوڵدان دایە، کاتێکی گونجاو بەسوود بۆ منداڵەکانیان دەستنیشان بکەن چوونکە کەمی خەو کاردەکاتە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی منالەکانیاندا.

زۆر جار دەستنیشانکردنی کاتی نووستن بەپێی ئارەزووی مرۆڤەکە دەبێت، بەڵام کاتی هەڵسان لەخەو بەپێی ئارەزوومان نابێ، بۆیە زۆر جار خەڵک لەدەرەوەی ویستی خۆیان لەخەو هەڵدەستن، ئەمەش لەدەرەوەی ئارەزووی جەستەیان دەبێ وکاریگەری خەراپی لەسەریان دەبێ، زۆر کەس هەوڵدەدەن کاتی شەو بەبێ نووستن بمینێن، چونکە ئەم کەسانە باوەڕیان وایە ژیان کورتە نابێ کاتیان بەخەو بەفیڕۆبدەن.

زانکۆی ساوب هامبتۆن لەبەریتانیا تاقیکردنەوەی لەسەر ١٢٢٩ کەس تەمەنیان سەرووی (٢٥) ساڵ بوون کردووە لەئەنجامدا دەرکەوت ئەوکەسانەی زیاتر لەرادەی خۆیان دەخەون تەمەنیان کورتە. بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکەین پێویستە مرۆڤ پابەندبێت بەکاتەکانی نووستنیان راست ودروست بن.

سەرچاوە/ لەئەنترنێت وەرگیراوە

ڕێگاکانی ئێستا بۆ چارەمەندیی قەڵەوی

و. د. ئازاد مستەفا مەحمود

١. ڕێگاکانی خۆراکی لە ڕێگای پارێزەوە:

ئەدەبیاتی پزیشکی -وەکو هەنگاوێکی بەرایی- ئامۆژگاریی پارێز دەکات بە ئامانجی دابەزاندنی کێش، ئەویش بەمەبەستی گەیشتنی کێشی سروشتیی لەش، ئەویش لە پێناو چارەمەندیی ئەم حاڵەتانە، واتا قەڵەوی وشەکرە وبەرزیی ڕێژەی چەوریی خوێن.

دابەزاندنی کێش وگەیشتنە کێشی سروشتی بەتەنێ بەسە بۆ خۆپارێزی ونەهێشتنی ڕووداتی زۆربەی زۆری ماکەکانی پەیدابوو لە قەڵەویی، وێڕای ئەمەش دابەزاندنی کێش بۆ کێشی سروشتی بەتەنێ بەسە بۆ چاک کردنی نیشانە کلینیکیەکان وماکەکان وحاڵەتی گشتی نەخۆشی شەکرە.

زۆر جاریش یاریدەی نەخۆشی شەکرە دەدات بۆ دەست بەردار بوون لەو ڕاگرتنی داودەرمانەکانی پەیوەست بە نەخۆشی شەکرە.

ڕێک کردنی کێش وپارێزی کاریگەر دیسانەوە یارمەتی چارەمەندیی بەرزی چەوریی خوێن دەدات

سەرباری ئەوەی کەوا ئێمە بێگومان لە زۆربەی زۆری بارەکانی بەرزیی چەوریی خوێن هۆیەکی بۆماوەیی دەدۆزینەوە، وەلێ پارێزی بە کار لە چاک کردنی بەلایەنی کەمەوە (٨٠٪) ی ئەم بارانە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت.

٢. بە کار هێنانی دەواو دەرمانەکان:

ئەدەبیاتی پزیشکی هەردەم ئامۆژگاری بەوە دەکات دەست بکرێت یەکەم جار بە ڕێگا خۆراکییەکان وپارێز بۆ چارەمەندیی ئەم جۆرە بارانە، وە ئاماژە وئامۆژگاری بە بەکار هێنانی داو ودەرمان ناکات تەنێ لەو بارانەدا نەبێ کە ڕێگاکانی پارێز وخۆراک نوشوستی دێنن.

٣. ڕێگایە نەشتەرگەرییەکان:

ڕێگانی نەشتەرگەری ڕێگاگەلی ترسناکن ودەگونجێن تەنێ بۆ چەند حاڵاتێکی کەم، وەناکرێ ببێ بە ڕێگای چارەمەندیی زێتر (٢٠٪) ی کۆی دانیشتوانی جیهان.

سەرچاوە/ عەرەبییە
ریجیم القرن الحادی والعشرین/ دار الفکر – دمشق د. راتب عبد الوهاب السمان